# دەستوری هەمیشەیی و کورد

## ئەحمەد دەشتی

لەم ڕۆژانە دا بگرە و بەردەیەکی زۆر لە سەر دەستوری هەمیشەیی عیراقەوە دەکرێت و کۆبونەوەکانی سەرانی کوردو عێراقیەکان زۆر بە گەرمیەوە بە ڕێوە دەچن و من پێم وایە کوردیش ئەمڕۆ گرنگیەکی زۆری بۆ سەرکەوتن بەم کۆبونەوانە داوە،خۆ هەتا ئێستا تەنای جارو بارە سەرە دەرزیەک لەو کۆبوونەوانە باسی لێوە دەکرێت و بەڵام هەنوکەش بە تەواوی ڕوون نیە کە لە باەری مافە ڕەواکانی گەلێ کورد چە باس و چەخواسە و چی کراوە و چی نەکراوە،لە گەل ئەمەش دا گەلێ نوسین و وتاریش نوسران و دەنوسرێن کە گوایە سەرانی گەلی کورد وازیان لە مافە سەرنوشت سازەکانی گەلی کورد هێناوە و وەک پێویست لە سەر داخوازیە گرینگەکانی وەک مافی چارە نوس و فێدرالی و کێشەی کەرکوک بە تایبەتی پێیان دا نەگرتووە و زۆر بە سادەییەوە و هەروا بە ئاسانی هەندێک لە نوسەران و کوردان بێ ئەوەی کە شتێکی وا ڕەسمی ڕاگەیاندرابێ دەڵێن تازە کیشە ڕەواکانی کورد فت!!!! بەبێ ئەوەی کە هێشتان بڕیار لە سەر دراوەکانی ڕەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕاگەیاندرابێت و بڵاو کرابێتەوە گەلی لە مامۆستا و ڕۆشەنبیر و نوسەرانی کوردی بەرێز و زۆر کەسانی تر دیارە کە بە ڕەشبینیەکی زۆرەوە دەڕواننە سەرانی کورد کە گوایە وازیان لە کێسە رەاکانی کوردە سەرەکیەکان هێناوە و سازشیان لەو بارەوە کردوە،کە گوایە لە ناو دەستوری هەمیشەیی دا پیادە نەکراوەو دیسانەکە گەلی کورد خاپاندراوەتەوە، هەرچەندە کە من وەک کوردێک پێم وایە تازە لەوە دەرچووە کە بتواندرێت ئەمڕۆ لەم ڕۆژگارەی جیهانگیری و ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی ناوچەکە و هاتنی یزەکانی ئەمەریکاو دەرەکیەکان بۆ ئەم دەڤەرە و لە دوای ئەو هەموو کارەساتانەی کە بە سەر کوردیان هێناوە جارێکی ترگەلی کورد بخاپێننەوە و مافەکانی لێ زەوت بکەنەوە ، خۆ ئەمە دیارەو ئاشکرایە کە ئەمڕۆش لە عیراق دا دوژمنانی گەلی کورد لە هەموو هەولێکیان دان کە گەلی کورد هەرگیز بە مافە ڕەواکانی خۆی شاد نەبێت و

نیازە ناپاکەکانی ڕابوردووی نەیارانی کورد کە لە ناو هەستی زۆرینەی دوژمانی کورد دا هەرماوە و هەتا ئەم ساتەش هەولی ئەوە دەدەن کە هەموو کێشەکانی گەلی کورد توش بە دان پێ نەنان بکرێت و گەلی کورد دیسانەکە توش بە کارەساتەکان بکەنەوە،بەڵام پێم وایە کە گەلی کورد تازە لەوە دەرچووە کە ئەو فێل و تەلەکە بازیانەی کە دژی دەکرێت بە سەر کورد دا زاڵ بێت و ئەمڕۆکە سەر بگرێت و کورد ئیتر واز لە مافە ڕەواکانی خۆی بهێنێت، گەلی کورد لە گەل هەموو کەم و کوڕیەکانیشی دا کە ئەمڕۆ لە ئارایە دایە و توانیویەتی کە لە سەر ئەو خاکەڕزگار کراوە کوردستانەی خۆی دا واتە لە باشوری کوردستان نیمچە کیانێکی بۆ خۆی دابین بکات و هەتا ئەمڕۆکە لەگەل هەموو پیلان و هەولی لە ناو بردنی ئەم هەلە مەزنەی کورد دوژمنانی کوردستان نەیان توانیوە کە ویستی خۆیان بە سەر گەلی کورد لە کوردستانەوە داسەپێنن و ئەو قەوارۆکەی کە ئەمڕۆ گەلی کورد لە سەر خاکی خۆی لە باشوری کوردستان دا لە سایەی خوێنی شەهیدان و گۆڕانکاریەکانی جیهانی و هاتنی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان بۆ عێراق کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا دامەزراون و گەلی کوردیش توانیویەتی کە تا ئەمڕۆکە خۆی بگرێتەوەو هێزێکی باشیش لە پێشمەرگەی کوردستان دابین بکات و لە ناو ئەو هەموو دوژمنانەی دا تا ڕادەیەک زۆر بە باشی ئارامیەکانیش لە زێدی خۆی دا بپارێزێت ، هەرچەندە کە کەم و کوڕیەکان یەکجار زۆرن بەڵام گەلی کورد وەک هێزێکی بە تواناوە ئەمڕۆکە لە ناوچەکە دا لە سەر خاکی خۆی دا حسابێکی بۆ دەکرێت و دەتوانم بڵێم کە کورد توانیویەتی کە تاڕادەیەکیش خۆی لە بەر چاوی جیهنایان بە دژی ویست و خواستەکان و پڕوپاگاندەکانی داگیرکەرانی کوردستان بە چاکی نیشان بدات و درۆو دەلەسەکانی دوژمنانی کورد کە سالەهای ساڵە دژ بە کوردیان ئەنجام داوە بە درۆ بخاتەوە.

ئەمڕۆکەش کە مشت و مـڕێکی زۆر لە بارەی ڕەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ئارا دایەو هێشتانیش تا نوسینی ئەم وتارەش دەستووری هەمیشەیی عێراق بۆ پەرلەمان ڕەشنوس نەکراوە و مرۆڤ نکاری کە بە تەواوی بڵێت کە سەرانی کورد

وازیان له کێشه ڕەواکانی گەلی کورد هێناوە و وەک مەسەلەکە گوتەنی: مرۆ تا دواییەک نەبینێ با بە سەرەتاکەی دا هەل نەلێت،من کە پێم وایە ئەوانەی کە گەلی کورد لە گەلیان ڕووبەڕوونە و دەیانەوی کە کیشە گرنگەکانی گەلی کورد هەر بە هەلپەساردراوی بمێنتەوە و هیچ شتێکی تازە بۆ کورد وەک فیدرالی و چارەسەی کەرکوک و سنوری کوردستان باوەڕ پێ ناهێنن و تەگەرەکان دروست دەکەن ، چونکە ئەمانە باوەڕیان بە مافی کورد هەرنەبووە و نیە،بەلاّم هەرگیز ئەمڕۆکە بۆیان ناچێتە سەرو ئەو بابەیان مرد،پێشم وایە تازە مەحالە کە بەو شیوەیەی کەوا ئەمڕۆ باسی لێوە دەکریت و گەلێ وتارو بیرو بوچوونی خەلک لەو بارەوە دەگوترێت ڕاست بێت،هەرچەندە هێشتان ڕاستیەکان دەرنەکوتوون و دواییەکەی نەهاتووە کە گەلی کورد واتە ڕابەرانی کورد لە سەریا لە گەل هاوپەیمانەکانیان کۆک بن و بڕیاریان لە سەر دابێ تەنیا ئەوەی کە من دەمەوێ و گەلێک لە دلّم گرانە ئەوەیە کە لە بارەی چارەنوسەوەوە دەگوترێت کە وەک کوردێکیش بە بە شتێکی گرنگی دەزانم کە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بگونجێندرێت و پێشم وایە کە هەرگیز واز لەو بڕگە گرنگە بە رامبەر بە گەلی کورد ناهێندرێت و سەرانی کوردیش واز لەم بڕگە گرنگە نایەن،ئەوەی کە جێگەی ناخۆشیە ئەوەیە کە باس لە واز هێنان لە مافی چارەنوسی گەلی کورد دەکرێت کە ئەمەش هەرگیزجێگەی قەبول کردن نیە،وشەی واز هێنان لە مافی چارەنوس و بڕیارنەدانی کورد بۆ مافی چارەنوسی خۆی گەلێک ناڕەوایە و کورد قەت بەوە ڕازی نابێت کە واز لەم مافە چارەنوس سازە بهێندرێت وەکو کە باسی دەکەن،من کە پێم وایە ئێمەی کورد هەتا بە مافی چارەنوسی خۆمان نەگەین و بڕیاری هەمیشەیی لە دەست خۆمانەوە نەبێت ئەوا هەرگیز لە ناو عیراق و مانەوەمان لەگەل ئەوانەی کە وەک پێویست دان بە کیشە ڕەواکانمان ناهێنن و هەمیشە لە فرت و فێل دان و زۆر زەعمەتە کە ئاوا گەلی کورد بتوانێت بە ئاسودەیی و ئارامی لە سەر خاکی خۆشی دا بژێت ، ئەوانەی کە زۆر بێ ویژدانانە هەتا ئەمڕۆش چاو دەبڕنە کوردستان بە داخەوە هەر ماون و لە ناو عارەبانیش دا زۆرینەن و ئەوانەی کە دانیش بە گەلێ کورد دا دەنێن سبەی

**بۆیان بلوێتەوە هەرزوو پەشیمان دەبنەوە و بۆیان بکرێت هەمیشە دژایەتی کورد دەکەن ، گرنگ ئەوەیە کە کورد خۆیان لە گەل خۆیان هەمیشە یەکێتی دلسۆزانە و پاکانە بۆ کوردستان پتەو تر بکەن و بە شیوەیەکی ڕاست وڕەوان بۆ هەتا هەتایە یەک بگرن، ئەوساکە بە هەموو مافەکانی خۆمان شاد دەبێن و کوردستان ئازادو سەربەخۆ دەبێت.** 23.8.2005